# سەیر رۆژگارێك

گیابەند نستانی

چك .... چك کاتژمێر تیٚدەپەڕیٚ. گەڵاکان شەونم لە ئامێز دەگرن و سروەی مەستیش بە بروسکەی توندی دەیانوەرێنیٚ.

وا کاتژمێرەکەم رادەوەستیٚ و ئەمجارە سلاوە بووکانی‌یەکان دەبن بە تۆپەڵە بەفرێکی تواوە.

ئاگادار بە ....

ئاگادار بە نەکەویتە نێو یادەوەری زوو.

خێرا ... خێرا هەموو شتیٚ فەرامۆش بکە.

با رووحت بە قەرایی چیای بێستوون ببینی، بەڵام با لەو مەودا درێژەدا هەستت وەك منداڵیٚ بیٚ.

بلێی سەیر بیٚ گەر بلێم هەستە سادە و جوانەکانی رۆژی گڤە و بڤە رۆیشتن و کەوتوومەتە نێو ساتێکی بیٚدەنگی.

تەنیام و لە شەوگاری پەپوولەکان وردە وردە دادەبڕێم، بەڵام ئەی چۆن دەتوانم تەمەنم بسپێرمە شەپۆلە ئاڵۆزەکان.

تۆ بلێی بەوەیان هەر ببم بە رێبواری ئەو شەقامە زێڕینەی کە ناتوانیٚ بمژێنیٚ.

تۆ بلێی باڵەخانەی تیشکی پڕ سۆزم لیٚ ببیٚ بە دلۆپیٚ ئاو؟

تۆ بلێی گوناهەکان چی بن؟

بلێی هەر بمێننەوە؟

نا...نا دەڵێن گوناهەکان دەبنە چۆلەکەیەکی دەستەمۆ. لە لاپەڕەی بیرەوەری‌یەکانم دا دەزوویەکی نەرم و شنەیەکی ناسك دەبینم. لە گۆشەی بیرەوەری‌یەکان وشەی خۆشەویستی هاوڕێیان و بیرە تەسکەکانیش زۆر دەبینم، گریانێکی بیٚفرمێسك و بیٚدەتگی‌یەکی خەماوی دەبینم.

هەناسەیەك لە وشکانی و گوڵێك لە بەر دەمی وەك مار چزوولە لە جەرگم هەڵدەستێنیٚ.

زۆر بیر دەکەمەوە ! !

بە کام هەنگاوەوە... بە کام هەستەوە

لە کوێوە؟

ئێوارە درەنگە و هێشتاش وشەکان بە سیمارەشی و لێڵی خۆ دەنوێنن و لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتیش دڵەکوتیٚ دەمگریٚ.

لە تەك مرۆڤە هەڵخەڵەتێنەرەکان و ... لە تەك مرۆڤە بیرتەسکەکان لە بەردەم دەرگاوە گوێم لە دەنگ و هاوارێکی لەرزاوەیە !

تۆ بلێی دەنگی شەقامە زێڕینەکە بیٚ بیهەویٚ بمژێنیٚ؟

نا... ئاخۆ دەنگی زەمین لەرزە بیٚ.

زەوی؟

بەڵیٚ، زەویش بێزارە.

لە کیٚ؟

ئا لەو مرۆڤەی کە لە سەری وەستاوە و دەگری؟!

کامە گریان؟

ئەو گریانەی کە دەیهەویٚ بە ئاسانی مرۆڤەکان بخەڵەتێنیٚ! ! !

# سیاسەت لە روانگەی منداڵانی کوردستانەوە!...

**ئاسکە عوسمانی**

منداڵی کورد لەو کاتەوە دێتە دنیاوە، لە گەڵ کێشەکانی ئازادی، دێموکراسی، حیزبی نەتەوەیی و... تێکەڵ دەبێ، ئەوانە دەبن بە ژیانی سەرەکی ئێمە. هەستی ناسکی منداڵانی کورد بە کارە ناشیرین و ناحەقیەکانی سیاسەت و لێکدانەوەکانی دایك و باوکیان دەڕەنجێ. منداڵی کورد ئەو کێشانە لە چاوەڕوانی دان لە پێش بە دنیا هاتنی. نابێ بپرسین بۆ ئەو منداڵانە ئەوەندە رقیان لە سیاسەتە! یان لە جاران ئەوکاتەی دنیا چەندە لێك دوور بوو و کورد خەباتی چەکدرای هەبوو، زۆر کەمتر لە ئێستا ئەو هەستە هەبوو، ئەو کات منداڵان سیاسەتیان لە ئامێز گرتبوو، ئەی بۆ ئێستا وانیە.

ئەگەر منداڵانی دنیا، رۆژێك بیر لە سیاسەت بکەنەوە، ئەگەر بڵێین رقمان لە سیاسەتە، ئەوا حەتمەن بیر لەو منداڵانە دەکەنەوە کە قوربانی سیاسەتی گەورەکانن، جا یان بوون بە قارەمانی داستانی سەربازی ون یان بوونەتە بەشێك لە تاوانبارەکانی کێشە نەتەوەییەکان.

ئەو منداڵانەی دنیا کە لە تەمەنی ١٨ساڵی یان لەوانەیە ئەو کاتیش زۆر بە کەمی بیر لەو بابەتە بکەنەوە، منداڵی کورد لە تەواوی ژیانیاندا ئەوە کێشەی سەرەکیان دەبێ، ئەگەر بیر لە منداڵانی جیلی پێش ئێستا بکەینەوە، هیچ کات ناتوانین بڵێین منداڵان سیاسەتیان خۆش ویستووە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بە سیاسەتەوە دەبەستێ، ئەوەیە کە منداڵانی کورد خۆیان ئاگاداری هەموو ئەو زوڵمانە بوون کە دوژمنانی کورد دژی کوردیان کردوە، هەر لەو کاتەی باوکیان لە شەڕدا شەهید بوون یان دایکیان کەوتۆتە بەر تۆپ باران، منداڵانیش هەستیان بە کەلێنێك کردووە، کە ئەو زوڵمە نەهێڵێ، لەوانەیە ئەوان خۆیان دانەنابی بۆ کارێکی لەو جۆرە بەڵام کە گەورەکان هانیان داون و تەنانەت لە نووسینی چیرۆك و شێعری منداڵان دا ئەو شتانە زەق بوونەوە، زۆر شتی وەك: ئیستعمار و شۆڕش و... لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی منداڵان دانراوە. بە هەر شێوەیەکی تر منداڵانیان وادار کردووە بەو هەستە، هەر چەندە تێگەیشتنێکی سەرەتاییە بەڵام ئەو منداڵانە ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەیان بەس بوو بۆ گۆڕینی ئەو هەستە خەیاڵ ئاسایەی لە لایان دروست ببوو لە بارەی شۆڕش و چەکدارو تەنانەت پێشمەرگەو شەڕێش... لەوانەیە ئەو سیاسەتەی گەورەکانی ئەو کات بەرامبەر منداڵەکانیان لە کاتی خۆیدا باش بووبێ، چونکی ئەوان ئاگاداری منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان لە دنیای دەرەوەدا لە گەڵ پێویستی نیشتمان هەن. بەڵام منداڵی ئێستا جیاوازە ئەو منداڵانەی کە دەبینن، دنیا لەوان پێشکەوتووترە، دەبینن خۆشبەختی لە لایان خیاڵە، کە دەزانن ئەوانەی بەسەریان هاتووە لە دەستی سیاسەتە، کە لە دەرەوەن هەست دەکەن غەریبن، کە لە نیشتمانن هەست دەکەن بەجێ ماون، سیاسەت ئارەزوو خۆشیەکان بکوژێ منداڵ بۆ چیەتی؟ لە لایەکی تریشەوە کە دەبینن گەورەکان زۆر شت دەڵێن زۆر شوعار دەدەن و لە کاریشدا ئەوانە نابینێ، منداڵ تووشی کێشەی دەروونی دەبێ، ئەوەیە کە تەواوی حیزبە عیلمانیەکانی کوردستان داوای یەکسانی و دێموکراسی دەکەن کەچی ئێستاش کە منداڵەکان یان (لاوەکان) تووشی یەکتر دەبن دەڵێن: "کە هەواڵێکت لێ بیست ئاگادارم کەوە!" چۆن دەتوانین باوەڕ بکەین کە هۆی دەربەدەریمان حەقە. ئەگەر سیاسەت کارێکی باشە بۆ گەورەکان سیاسەتەکەیان بە کردار نیە؟... "یا بۆ هەتا ئێستا بە هیچ نەگەیشتووین". خۆمان بەراورد کەین لە گەڵ دنیا دەگەینە ئەو ئەنجامەی سیاسەت بۆ منداڵان خراپە، سیاسەت بەرامبەر ئێمە بێ رەحمە. منداڵێك لە وڵاتانی تر هێشتا سەرۆکی گەورەترین وڵاتی دنیا ناناسێ کەچی من منداڵی کورد بەحسی سیاسی دەکەم و بنەماکانی دەوڵەت و مافی مرۆڤ لە روانگەی دایك و باوکمەوە لێك دەدەمەوە...!

منداڵانی کورد ئەوەی رۆژێك سیاسەتی بینیبێ بڕیاری داوە کە گەورەبوو دوور لە سیاسەت بژی...

## هەندێ جار مامۆستاکەشم ناهێڵێت بچمە ژوورەوە

### هانا ناسری

لەم دنیایەدا هەندێك بنەماڵە هەن کە زۆر ئاوارەن و بەدبەختی زۆریان دیوە لە ژیانیاندا ئێستا من باس لە یەکێك لەو بنەماڵانە دەکەم کە یەکێك لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ژیانی خۆی باس دەکات: من کچێکی تەمەن (١٨) ساڵم لە بنەماڵەیەکی هەژارم و دایکم پیرو پەککەوتەیە هیچی پێ ناکرێ و باوکیشم تەمەنێکی زۆری هەیە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر بەیانی زوو هەڵدەستێ و دەچێتە دەرەوەو ئێوارە یان شەو دێتەوە بۆ ماڵێ، برایەکی بچوکیشم هەیە تەمەنی (٩) ساڵەو بە هۆی ئەوەی کە هەردوو چاوی کوێرە ناتوانێ بچێت بۆ قووتابخانە لە بەر ئەوە بەیانی لە گەڵ باوکم دەچێت بۆ ئیش کردن و ئێوارە لە گەڵ باوکیشم دێتەوە، بۆ خۆشم لە قووتابخانەم و خەریکی دەس خوێندنم، بەیانی دەچم بۆ قووتابخانەو هەندێ بار وەدوا دەکەوم چونکە دەبێت باوکم و براکەم بەرێ بکەم و نانیش بدەم بە دایکم ئینجا بڕۆم بۆ قووتابخانە، هەندێ جار مامۆستاکەشم ناهێڵێت بچمە ژوورەوە، بە راستی نازانم چی بکەم؟ بێزار بووم لە ژیان! شەوان کاتێك دەنووم لەناو پێخەفەکەمدا بیر لەوە دەکەمەوە کە خوای گەورە ئەو هەموو بەخشەندەگی‌یەی هەیە بەڵام تەنها چارەکێك لەو بەخشەندەگیەی وەبەر من نەکەوتووە، هەمیشە لە دڵی خۆمدا دەڵێم: خوایەگیان منت بۆچی خوڵقاندووە تۆ بۆ خۆت دەزانی لەو دنیا پان و بەرینەی کە بۆ خۆت دروستت کردووە جێگەی من نابێتەوە، و هەمیشە لەبەر خوا دەپاڕێمەوە کە من رزگار بکات لەم دنیایە هەر وەك چۆن دروستی کردوم هەر ئاواش لەناوم بەرێت، بەڵام هەندێ جاریش دەڵێم ئەگەر من بچم بۆ ئەو دنیایەی کە لەوێش جێگەم نابێتەوە چونکە بە راستی من شتێکی زیادیم. ئەمن ئێستا لەوە زیاتر نامهەوێ باسی ژیانی خۆمتان بۆ بکەم چونکە بەدبەختی و ئاوارەیی من زۆر لەوە زیاترە کە بیری لێدەکەنەوە.

## دوو کۆپلە شێعر

### سزا

گەر ئێوارەیەك
چەقۆی بێ مەیلی بخەیتە قورگی سەوزی ئەوینم
سێدارە هەڵخەی بۆ نامەکانم و
بشکێنی پەڕو باڵی فڕینم
لێت نارەنجێم و
ناشهێڵم شێعرم
حاشا لە وێنەی ناوی خۆشت کەن
بەس رادەسپێرم
لە وشەی لێوی قەڵەم و پەخشان
بۆ تا هەتایە فەرامۆشت کەن
بە دەریا بڵێن
ئەگەر بترسێ لە زمانی درێژی ئەم جۆگەلانە
کە ناخیان لێوڕێژ لە تاریکی‌یەو
بۆ کرمی درۆ بۆتە هێلانە
بە دەریا بڵێن
گەر بە شەپلاخەی شەپۆلی یاخی
دەمی جۆگەلەی بۆگەن نەشکێنێ
ئەگەر لە ژوانی باران بترسێ و
بۆ ماچی هەتاو سەر هەڵنەهێنێ
زۆر پێ ناچێ عەشقی دەژاکێ و
ئەویش وەك پاییز رەنگ پەڕیو دەبێ
ناسنامەی دەریای لە چنگ دەردێنن
وەکوو جۆگەلە بۆگەنیو دەبێ

**" چاوەڕوان "**